# ڕۆڵی پەیوەندیی حزبیی لە بنیاتنانی کارەکتەر و ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا

**عبدالله رحمان عەولا**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ـ مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە-** پەیوەندییەکان بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن و بەهۆیانەوە تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندی جۆراجۆر دەبەستن و هەندێکیان دروست و ئەرێنی و هەندێکیشیان نادروست و نەرێنی دەکەونەوە، بەهۆی ئەمەشەوە بەشێك لەو پەیوەندییانە دەبنە مایەی پێشکەوتن و گەشەسەندی تاك و کۆمەڵگەکان . یەکێك لەو پەیوەندییانەش پەیوەندی حزبییە، کە لە ئەنجامی دامەزراوەیەکی سیاسییەوە کە حزبە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە دێتەکایەوە وکاریگەریشی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ..تاد مرۆڤەکان دەبێت. بەڕادەیەك کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتیش دروست دەکات و بەتایبەتیش ژانرێکی وەکو ڕۆمان کە پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوەی وردەکاری ئەو پەیوەندییانە لەوانەش پەیوەندیی حزبی و ئامانجە دیاریکراوەکانیان بخاتەڕوو. ڕۆمانووس سوود لە بوونی پەیوەندی حزبی وەردەگرێت و تانوپۆی ڕووداوەکانی پێ دادەڕێژێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمانووس لە بنیاتنانی کارەکتەرەکانیشدا سوود لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرانە وەردەگرێت و لەڕێگای پەیوەندییەکانیانەوە بەتایبەتیش پەیوەندیی حزبییەوە هەوڵ دەدات پێگە وشێوازی بیرکردنەوەو بیروڕایەکانیان ڕوون بکاتەوە.

**کلیلە ووشەکان-** پەیوەندی، پەیوەندیی حزبی ، کارەکتەر، ڕووداو، ڕۆمان.

## پێشەکی:

مرۆڤ لەو کاتەوە کە لە دایك دەبێت تا ئەو کاتەی کە دنیا بەجێدەهێڵێت لەناو تۆڕێکی گەورەی پەیوەندیکردندا دەژێت، چونکە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە بە تەنیا توانای ژیانکردنی نییە، بۆیە هەمیشە لە پەیوەندیکردندایە لەگەڵ دەروبەرەکەی، ئەو پەیوەندییانە چ ئەرێنی بێت و چ نەرێنی بێت کاریگەریی گەورەی لەسەر هزر و بیرکردنەوەو دەروون و جەستەی دادەنێت و تەواوی لایەنەکانی ژیانی لە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ..تاد، دەگرێتەوە. ئەو پەیوندییانە لە گشتییەکەوە تا لق و پۆپەکانی مرۆڤەکان بەیەکتردەبەستێتەوەو ڕایەڵەی هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانیان دیاری دەکات، یەکێك لەو پەیوەندییانەش پەیوەندی حزبییە کە بواری کارکردنی مرۆڤ لە ڕوانگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ، ئایینیەوە ڕەنگریژ دەکەن. دیارە ئەدەب ئەو پانتاییە فراوانە و ئەو گۆڕەپانە گرینگەیە کە وەکو ئاوێنەیەکی ژیان هەوڵدەدات تەواوی پرۆسەکانی مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت و ئاراستەیان بکات، پەیوەندییەکانیش بەتایبەتی پەیوەندی حزبی بەشێکن لەو چوارچێوەیەی کە ئەدەب دەیانخاتەڕوو و لێیان دەکۆڵێتەوە، ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەردەمیانە باشترین پانتاییە بۆ نمایشکردن و لێکۆڵینەوە لە ئاکامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییە کە کارەکتەرەکان بەهۆیەوە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوازی بیرکردنەوەو گۆشەنیگایان بۆ ژیان ڕوونتر دەبێت و پیشانی خوێنەر دەدرێن.

**گرفتی توێژینەوە :** مرۆڤ لەناو تۆڕێکی تێکچرژاوی کۆمەڵایەتییدا دەژیت، کە ژیانی بەڕێوە دەبەن و گەشەی پێ دەکەن. ئەو پەیوەندییانە ڕەگ و ریشاڵیان بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ هەیە و ئامرازێکن بەدەست مرۆڤ و مرۆڤایەتی تا لەوێوەو بنچینەکانی ژیان بنیات بنێنەوە. بێگومان لێکۆڵینەوە لە یەکێك لەو پەیوەندییانە کە پەیوەندی حزبییە بەدەر نییە لە هاتنە پێشەوەی گیروگرفت، بەتایبەت کە لەڕوانگەی ئەدەب وژانری ڕۆماندا لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت، بە هۆیی ئەوەی کەلەناو ئەدەبیاتی کوردیدا کەمتر لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە کراوە.

**پرسیاری توێژینەوە :** ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارانە خۆی دەبینێتەوە کە ئایا تا چەند پەیوەندیی حزبی کاریگەری لەسەر تاکی کۆمەڵگەی کوردی هەیە؟ هەروەها تا چەند لەناو ڕۆمانەکاندا پەیوەندی حزبی بەرجەستەکراوەو ڕۆمانووس لە داڕشتنی کارەکتەرەکان و پێکهاتەی ڕووداوەکاندا سوودی لێیان بینیوەو پەیام و مەبەست و ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بە خوێنەر گەیاندووە؟ تا بەهۆیەوە بتوانین لەناو ڕۆمانەکاندا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە و دەستنیشانی قەبارەی ئەو پەیوەندییە حزبییە بکەین و ئەنجامێك بۆ گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان دیاری بکەین.

**گرنگی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆی پەتوەندییەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە لەنێوان کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکان هاتۆتەکایەوە، جەخت لەسەر ڕایەڵەی حزب دەکاتەوە لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە و ڕۆڵیان لە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکان و ئاراستەی هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتی

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp71-81
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 12 ايار 2025؛ قُبل في 22 حزيران 2025؛ نُشرت في 5 تشرين الأول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: abdulla.awla@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © عبدالله رحمان عەولا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

کارەکتەرەکان دیار دەخات، هەروەها گرنگی ئەو پەیوەندییە حزبییانە لەناو کۆمەڵگە و لەژیانی رۆژانە و لە پێکهاتەی تێمای رۆمانەکاندا دەخاتەڕوو.

**ئامانجی توێژینەوە :** ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیە لە : ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پەیوەندیی حزبیی لە رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەری لە ڕۆمانی کوردیدا.

**سنوری توێژینەوە :** لەم توێژینەوەیەدا لە سنووری باشووری کوردستاندا و لەدوو تۆیی (7) ڕۆماندا هەوڵدراوە رۆڵی پەیوەندی حزبی لەناو کۆمەڵگەدا لەڕێگای ڕۆمانەوە ڕوون بکرێتەوە. بەو هۆیەشەوە ڕۆماننووسەکان دیدو هزریان لەبارەوە خستۆتەڕوو و تانوپۆی ڕووداوی ڕۆمانەکانیان هۆنیوەتەوە.

**ڕێگای توێژینەوە:** مێتودی شیکردنەوەی وەسفییە .

**کەرستەی توێژینەوە:** ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری و سەرنج و تێبینییەکان.

## بەشی یەکەم
## دیاریکردنی زاراوەکان

**پەیوەندی :**

پەیوەندی ئەو بەستەرە کارلێکەرەیە کە لەنێوان مرۆڤێك و بەرانبەرەکەی دێتەکایەوە و کاریگەری لەسەر ڕەوت و ژیان و هزر و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو ئایینیان دادەنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی هێڵێکە مرۆڤەکان بەیەکتر دەبەستێتەوەو هەوڵ دەدات خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا دروست بکات، بەو واتایەی پەیوەندی ((کارلێکێکە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا ڕوودەدات لەپێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو تاکانەدا کە ئەم چەشنە پەیوەندی یاخود کارلێکە پێکدەهێنن)) (ئەلحەسەن، 2012: 113) ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییەو هەرگیز ناتوانێت بەتەنیا ژیان بەسەرببات، بەڵکو پێویستی بەکەسانی دیکە و کۆمەڵگەکەی هەیە، بۆیە مرۆڤ لەناو تۆڕێکی گەورەی پەیوەندییەکان دەژیت، دەکرێت ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستی تاکەکەسی بن و یان لەسەر ئاستی گروپ و کۆمەڵەکان بنیات بنرێن. ئەمەش ((ئاماژەیەکە بۆ شێوازەکانی کارلێکەری کە لەنێوان مرۆڤ و ئەوی دیکە یان گرووپێك و ئەوی دیکە دێتەکایەوە کە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕیان لەنێواندا هەبێت، واتە کارو کاردانەوە هەبێت، کارو وەڵامدانەوە بۆ ئەو کارە هەبێت، ، ئەو پەیوەندییانەش بە گوێرەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی جۆراجۆرن)) (حسن، 2012: 179). کەواتە پەیوەندی لە ئەنجامی کارلێکەری لەنێوان مرۆڤەکان دێتەکایەوە و تەواوی بوارەکانی ژیانیان ڕەنگرێژ دەکات و کاریگەری لەسەر دادەنێت، ئەو کاریگەرییە بەشێوازێکە کە ئەو ((هاوبەندییە کە لە نێوان دوو شت یاخود دوو دیاردەیە وا پێویست دەکات کە یەکێکیان گۆڕا، ئەوی دیکەش بگۆڕێت، لەوانەیە ئەو پەیوەندییشە بەشێوازی ڕێککەوتن یان نیمچە ڕێککەوتن، یان پاشکەوتە بێت، هەروەکو دەڵێن کە بنەمای پەیوەندی یەکێکە لەبنەماکانی هزرکردن، چونکە کاری بیرکردنەوە هەوڵێکە بۆ بەیەکبەستنەوەی لایەك بە لایەکەی دیکەوە)) ( بدوی،:1982 : 352)، بەو مانایەی کە پەیوەندیی کارێکی هزرییە کە لەنێوان تاکەکاندا بەمەبەستی سوودوەرگرن و گۆڕانکاری دێتەکایەوە.

( جۆن سی ماکسویل) لەو بڕوایەدایە کە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی درێژخایەن و سەرکەوتوو بنیاد بنرێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدا ڕەچاو بکرێت لەوانەش (ڕێزگرتن، متمانە، ئەزموونی هاوبەش، ئاڵوگۆڕی، چێژوەرگرتنی هاوبەش) کە پێویستە لەناو ئەندامەکاندا پەیڕەوی لێ بکرێت. ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانەن کە خەسڵەتی هەر جۆرە پەیوەندییەك دروست دەکەن و بەردەوامی پێدەدەن. (ماکسویل،2009: 3-6)، لادان لەو مەرجانەی سەرەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پەیوەندییەکی نادروست بێتەکایەوە کە کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی مرۆڤ بکات، کەواتە دەکرێت بڵێین کە پەیوەندی ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین و گرانترین شتە لە جیهاندا کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، چونکە هەروەکو چۆن پەیوەندییەکان دەبنە سەرچاوەی چێژ وەرگرتن و بەختەوەری، بەدیوەکەی دیکەشدا دەبنە هۆکاری ئازار و ناخۆشییەکان(( طه، 2017: 13 ) ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر وەکو چۆن پەیوەندی هۆکار و بنەمای تایبەتی خۆیە هەیە، بەهەمان شێوەش ئەنجامی خۆشی هەیە کە دەکرێت لێرەدا دوو جۆری گشتی لە پەیوەندییەکان دەستنیشان بکەن، کە یەکەمیان پەیوەندی ئەرێنییە کە هەردوولایەنەکە گەر لە ئاستی تاك بن ئەوا خاوەن خاڵی هاوبەشن لە جۆری بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیان، گەر لە ئاستی گرووپ و ڕێکخراو دابن ئەوە یەکێتییەکی بەهێز ئەندامەکانیان کۆدەکاتەوە کە لە کارایی و کارامەیی وتواناییان لە هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکانیان سەرچاوە دەگرێت، دووەمیشیان پەیوەندی نەرێنییە لە ئەنجامی ناتەبایی و جیاوازی لە بیروبۆچوون و گۆشەنیگاکان لە سەر ئاستی تاك دێتە کایەوە ، لەسەر ئاستی گرووپیش لە ئەنجامی لێکهەڵوەشانەوەو پەرتەوازەیی گرووپ و ڕێکخراوەکە کە دەبێتە هۆکاری لاوازی و بێ توانایی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دێتە کایەوە. ئەم دوو جۆرە گشتییەی پەیوەندی هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی...تاد، دەگرێتەوە. کەواتە پەیوەندی پرۆسەیەکی تێکچڕژاوە و بۆ تێگەیشتن دەبێت لە هەردوو لایەنە پێکهێنەرەکەی بکۆڵرێتەوە.

**حزب :**

حزب ڕێکخراوێکی ساسییە و لایەنی سیاسی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت و کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دیکەی وەکو کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ... تاد، دادەنێت، ئەمەش لەڕێگای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە ، بەو پێیەش (( دەتوانین وەکو ڕێکخراوێك پێناسەی بکەین کەوا ئامانجەکەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی یاساییە بەسەر حکوومەتدا، ئەویش بەڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە)) ( گیدنز، 2009: 416)، لەم پێناوەشدا حزب هاوڵاتیان ڕێکدەخات و لەچوارچێوەی دامەزراوەکانیدا کۆیان دەکاتەوە، کە بەهۆیەوە پەیوەندییەك لەنێوان ئەندامەکانیدا دێتەکایەوە، بەم پێیەش حزب ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ((تاکەکان وابەستە دەبن پێیەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان و ئامانجی کۆمەڵگە گەورەکەیان، لەڕێگای کارکردنێکی دڵسۆزانەو بەرهەمدار لەنێوان ڕیزەکانی ئەندامەکانیدا و کۆششکردن بۆ گرتنە دەستی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات، بەمەش دەتوانێت هزر و بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەی بکاتە واقیعی کارکردن تا بتوانێت گۆڕان لە کۆمەڵگە دا ئەنجام بدات و بەرەو پێشەوەی بەرێت)) (ئەلحەسەن، 2012: 102). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حزب کار لەپێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە دەکات و ئاستەکانی ژیان بەرەو بەرزبوونەوە دەبات. بەم پێیەش ((حیزبی سیاسیی بریتییە لە ڕێککەوتنی ژمارەیەك کەس لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپ و ئامانج کە دەیانەوێ لەبەرژەوەندی گشتییدا بەئەنجامی بگەیەنن، یا لانیکەم هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی حیزب کە لەبنەڕەتدا گرووپێکن لە گرووپەکانی کۆمەڵگە))( الاسماعیل، 1997 : 191)، کەواتە دەکرێت بڵێین حزب لە کۆمەڵە ئەندامێك کە بۆچوون و بیروڕایەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و تێیدا پەیوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا دروست دەبێت بەمەبەستی سەرخستن و دەسەڵات گرتنەدەست.

سەرەڕای ئەمانەش حزب وەکو دامەزراوەیەك لەناو کۆمەڵگە هەیە، دامەزراوە بەواتای ئەو بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە دێت، کە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هاتوونەتە کایەوەو جۆرێك لە ڕێساو یاساو ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان هەیە ، بەهۆی ئەو یاسا و ڕێسایانەشەوە حزب وەکو دامەزراوەیەك(( ئەو تاکانە کۆدەکاتەوە کە لەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئینتیمای ئایینی و هەڵوێست گۆشەنیگایان لەبینینی جیهان تارادەیەك لەیەکدەچن و هاوشێوەن )) (بوریکو،1986: 20) دێت، ئەمەش بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکی و لاوەکییەکانی کۆمەڵگەیە. بەم شێوەیە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە ((بەمانای ئەو کۆمەڵە ڕێسا و دیسپلین و سیستەم جێگیرانە دێت کە ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن)) (ئەلحەسەن، 2012: 227).تاوەکو بەهۆیەوە پەیوەندیی نێوان تاکەکانی ڕێکبخەن و جۆرێك لە دادگەری لە ڕەفتارەکانیان بەدیبهێنن و پێداویستییە ژیارییەکانیان بۆ دابین بکەن، بەو واتایەی ئەو دامەزراوانە(( کۆمەڵە یاسا و بنەماگەلێکی ئاڵۆزە کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و بەسەر ڕەفتارە تاکەکاندا زاڵە، بەشێوەیەك کە سەرپێچی لێکردنی نایەتە دی، لەڕاستیدا دامەزراوە بەهەمەوو بیروڕا و بۆچوون و نموونە ڕەفتارییەکان دەگوترێ کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دامەزراوە)) (وسووقی، 2013:159). بەم پێیە دامەزراوەکان ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن کە تێیدا کۆمەڵگە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە گشت بوارەکانی ژیاندا ڕێکدەخات و جۆری ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات کە پێویستن و خۆشگوزەرانی فەراهەم دەکەن.. بەم هۆیەشەوە جۆرێك لە کارلێکی مرۆڤایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت و هاندانێك لەنێوان تاکەکاندا دێنێتە کایەوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆیە چەمکی دامەزراوە زۆرێك لە گرووپەکان دەگرێتەوە لەوانەش خێزان و خێڵ و مزگەوت و کڵێسە و پەرلەمان و حزب و کۆمپانیا و ڕاگەیاندن و قوتابخانەو ....تاد . (حسن، 2012:209-213). ئەو دامودەزگا و دامەزراوانەش چالاکییەکانیان تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوەو تەواویش پەیوەست بەیەکەون و بەهەماهەنگی نێوانیان کێشەو گرفتەکان چارەسەر دەکەن و جۆری خزمەتگوزارییەکان باشتر پێشکەش دەکەن، بۆیە ((بنیاتی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان هێندە فراوان و بەربڵاون، کە چالاکییەکانیان پانتاییەکی زۆر لە کۆمەڵگا دادەپۆشن، هەر گۆڕانێکی بەرچاو لە دامەزراوەیەکدا ، ئەگەری هەیە چەندین گۆڕانکاری لە دامەزراوەکانی دیکەدا دروست بکات)) (بروس کۆهین، 2010:103)، بۆیە ئەو دامەزراوانە جۆرێك لە جێگیری و پەلەیەکی لە بەردەوامی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە.

کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی سەدەی بیستەم و کرانەوەی بەڕووی جیهاندا و ئاشنابوون بە ئەزموونی وڵاتان و چاوکرانەوە لەبارەی ڕەوشی سیاسیدا، ئاشنای کاری حزبی بووەو بۆ یەکەمجار حزب پێکهێنراوە. لەبەر ئەمەشە سەرەتا بەشێنەیی و هێواشی چەمك و تێگەیشتنەکانی حزب لەناو کۆمەڵگەی کوردی بڵاوبووەتەوە و تا دواتر پەرەی سەندووە و لەئەنجامدا لەناو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەندییەکی دیکە کە پەیوەندی حزبییە لەناو تاکەکاندا بڵاوبۆتەوە، کە ڕەنگ و ڕووخساری ئەو پەیوەندییە بەپێی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیای خودی حزبەکان بووە، ئەو پەیوەندییە حزبییانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی جۆری پەیوەندییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانی بەسەردا بێت و بەستەرەوەی نێوان تاکەکان لە پەیوەندی هاوڕێیەتی وخزمایەتی و دراوسێیەتی و ناوچەیی و عەشیرەتی تێپەڕێنێت و بۆ یەکەم جار تاکەکان لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن لەسەر بنچینەی بیروبۆچوون و ڕێکخستنی حزبییەوە. کە ئەمەش گۆڕانێکی جۆرییە لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. حزبە سیاسییەکان گرنگیەکی زۆر بەم پرۆسەیە دەدەن چونکە کاردانەوەی پۆزەتیڤی بەسەر تاکەکاندا هەیە لەکایەی شوناس و هاووڵاتیبوون و بەها و پێوەرەکانی پەیوەست بە سیستەمی سیاسیی و بەها باڵاکانی سیاسەت .

### کارەکتەر:

کارەکتەر لە ڕۆماندا بەکەسە دەگوترێت کە ڕۆڵ دەگێڕن و ڕووداوەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە، لەهەمان کاتیشدا کارەکتەرەکان سەرپشك دەبن لە دروستکردنی ڕووداوەکان و ڕۆڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوە دەبینن لە پێکهاتەو بونیاتی ڕۆماندا، کارەکتەر کەسایەتییەکی خەیاڵی دروستکراوی دەستی ڕۆماننووسە و لە بەرگێکی واقیعدا ڕۆڵ و پێگەی لەناو ڕۆمانەکەدا وەردەگرێت و کار دەکات وهەندێك جاریش کارەکتەر لەواقیعی ناو کۆمەڵەوە وەردەگیرێت و بەهۆیەوە ڕووداوەکان هەڵکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشدا بەهەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە کارلەیەك دەکەن و ڕۆمان دروست دەکەن.

بەلای (ئەی. ئێم. فۆرستەر)هوە (( کارەکتەر بارستەیەك وشەیە و ڕۆماننوس سازی دەکات و ناوی لێدەنێت و ڕەگەزی دیاریدەکات، هەروەها شێوەی شیاوی بۆ هەڵدەبژێرێ و وای لێدەکات بدوێت و بەشێوەیەکی ڕێك و پێك هەڵسوکەوت بکات)) (فورستر،1985: 37) ئەو هەڵسوکەوتانەی کارەکتەریشە وا دەکات ڕووداو دروست ببێت. کەواتە کاریگەری کارەکتەر بەسەر توخمە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانەوە، وا لەڕۆماننووس دەکات، گرینگییەکی تایبەتی بە کارەکتەر بدات و لەبنیاتناندا وردترین حیسابی بۆ بکات، بەم ڕەنگەش ((دەتوانین بڵێین بینای کەسەکان لەلایەن نووسەرانەوە ، کە هەمیشە مایەی بایەخپێدان و گرینگی پێدانیان بووە نەك لەڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دی، بەڵکو تەنانەت لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکەش جیاوازی تێکەوتووە)) (سابیر،2001: 141) هەر ئەو جیاوازییشە لە بنیاتنانی کارەکتەر وای کردووە بیروبۆچوون و پێناسەی جیاواز بۆ کارەکتەر دروست ببێت و هەر نووسەرێك ، یان توێژەرێك، یان قوتابخانەیەك لە تێڕوانینی خۆیەوە لە کارەکتەر بڕوانێ و بەجۆرێك پێناسەی بکات.

بەهۆی ئەو دیدگا جیاوازنەش لە ناساندن و تێڕوانیندا، پرۆسەی خوڵقاندنی کارەکتەر، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دژوار دەکەوێتەوە و پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی و لێهاتوویی ڕۆماننووسانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکتەرێکی نەمرو زیندوو لەنێو دەقەکەدا بنیات بنێن، کە بەهۆی گفتوگۆ و هەڵسوکەوتەکانیەوە بتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لەبەر ئەوە((پرۆسەی خوڵقاندنی کاراکتەر بە پرۆسەیەکی دژوار و بێ سنوور و یاسا دادەنرێت و ژێدەرێك نییە ببێتە بنچینەی بۆ بنیاتنان، پرۆسەیەکە هیچ ڕێسایەك تاسەر ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، بۆیە وەك دانێکی کارێکراوی لێهاتووە کە نووسەر بابەتەکە لەمێشکی خۆیدا گەڵاڵە دەکات)) (حەسەن، 2004: 123.) و دواتر کەسایەتییەکانی لەناو واقیعی کۆمەڵگەکەی یاخود لە ڕووداوێکی مێژووییەوە بۆ دەهێنێت و ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانیان پێ دەسپێرێت. بەپێی ڕەوتی ئەو ڕووداوانەش سیفات وخەسڵەت بە کەسایەتییەکان دەبەخشێت و لەزاری ئەوانیشەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت.

بەم شێوەیە کارەکتەر کە لەواقیعی کۆمەڵگەکەی وەرگیراوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە و هەمیشەش بەپێی گۆڕانی ئەو بارودۆخانە کارەکتەرەکانیش دەگۆڕێن. بەواتای ئەوەی هیچ کاتێك کارەکتەرەکان لەدۆخێکی چەسپاو و جێگیردا نین، بەڵکو بەپێی مەودا و ڕەهەندەکانی خۆی لەگەڵا گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵدا هەمیشە لە

جووڵە و کردار دایە. ئەو مەودا و ڕەهەندانەی کارەکتەریش شێوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی کارەکتەر لەنێو دەقدا دیاری دەکەن کەبریتین لە:

أ- ڕەهەندی سیاسی: بیروڕاو ئایدلۆژییەتی کارەکتەر و پەیوەندییە سیاسییەکانی دەگرێتەوە، کە لەناو دەقدا لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا دادەڕێژرێت و هەڵوێست و ئاراستەی ئایدۆلۆژی و بیرکردنەوەی بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتەکان پیشان دەدرێن.

ب - ڕەهەندی دەروونی: لایەنی پێکهاتەی دەروونی کارەکتەر دەگرێتەوە و ئارەزووەکان و پاڵنەر و هەڵچوونەکانی کارەکتەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و پێشهاتەکان دێنە کایەوە .

ج - ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: جێگەو پێگەی کارەکتەر لەنێو کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات و تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و بنیاتی قەوارەی کۆمەڵایەتی کارەکتەر لە پەیوەندیکردنی لەگەڵا دامەزراوەکان و دەوروبەر و ژینگەکەی و خوو و ڕەفتارەکانی شیدەکاتەوە(بەرزنجی، 2009،:26 ):.

ئەم ڕەهەندانە کاریگەرییان لەسەر جووڵەی کارەکتەر و پێکهاتەی دروستبوونی کارەکتەر لەناو دەقی ڕۆماندا هەیە.

**ڕووداو:**

ڕووداو ئەو کردەیەیە کە واتایەك دەگەیەنێ و یەکێکە لە توخمە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانەوەی ڕۆمان، پەیوەندیەکی تەواوکاری بەهێزی بە کارەکتەر و کات و شوێنەوە هەیە, بەجۆرێك هیچ کامێکیان بەبێ یەکتری بوون و پێگەی هونەرییان لە دەقدا نابێت‌و بە توخمی یەکەمی گێڕانەوەش دادەنرێت, بەهەردوو جۆرەکەی (واقیعی، خەیاڵی) و ڕۆڵ و پێکهاتە هونەرییەکەی کە ڕووداوی سەرەکی و لاوەکییە، دەبێت سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە کردارێکی تەواو، پاشان بە ڕێچکەیەك یان چەند ڕێچکەیەك بنیات دەنرێت و بەیەکێك یان زیاتر لە ڕێگە هونەرەکیەکانی گێڕانەوە دەگێڕدرێتەوە.

لەبەر ئەوەی ژیان بەردەوامە، ڕووداوەکانیش بەردەوام دەبن، چونکە هەریەکە و بەجۆرێك هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەك یان چەند پێویستییەك دەدات و بەردەوام لە ململانێ و تێکۆشاندان، ڕادەی هەوڵ و جووڵەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەم جیاوازیەش ڕووداوی جۆراو جۆر بەرهەم دێنن. هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری جیاوازی بیروڕای ڕەخنەگران و توێژەران و نووسەران لەبارەی پێناسەی (ڕووداو )هوە، کە ئەمەش بۆ تایبەتمەندی و سروشتی بەردەوامی جوڵانەوە و بەرەو پێشچوونی بیر و فەلسەفە وزانست،.....هتد، دەگەڕێتەوە، بۆیە ڕووداو لە یەکێکێکەوە بۆ یەکێکی دیکەو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بۆتە هۆی جێگیر نەبوونی ڕووداو وەکو ڕەگەزێکی بەردەوامی ژیان.

ڕۆماننووس هەوێنی بەرهەمەکەی لە ڕووداوەکانی ژیان وەردەگرێت، بەهۆی هونەرەکانی گێڕانەوە دەیانکات بە ڕووداوی هونەری و لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا دایاندەڕێژێتەوە، لەوێشدا جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتری قۆناغی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبەن، لەسەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتر بۆ کۆتایی، لەم ڕوانگەیەوە (د.انگونیوس بگرس) دەڵێت: ((ڕووداو کۆمەڵێ بەسەرهاتە کە حیکایەتخوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو ڕێکیان دەخاتەوە، گەشەدەکەن وگرژ دەبن بەپێی ئەو چوار چێوە هونەریەی بۆی کێشراوە، پەیوەندییەکی تۆکمەشیان بەکارەکتەرەکانەوە هەیە)) (محەمەد، 2007: 154).

سەرباری ئەوەی ڕووداو پەیوەندی بەکارەکتەرەوە هەیە بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا دەیگێڕێت، پەیوەندیەکی بەهێزیشی بەکاتەوە هەیە، بۆیە ڕووداو پەیوەستە بەکاتەوەو بێ کات نابێت، لەبارەی پەیوەندی ڕووداو بە کارەکتەر و شوێن لە دەقدا، (د.عەدنان خالید) دەڵێت: ((ڕووداو ململانێی کارەکتەرەکانە لە ئەنجامی هەڵوێست و هەڵچوونەکانیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا)) ( مستەفا، 2010: 17)

ڕووداو ئەو ڕاستییە لە ژیانەوە وەردەگیرێت و زۆر جار تێکەڵ بەخەون و ئەندێشەکانی نووسەر دەکرێت و بەجۆرێکی دیکە دەگێڕرێتەوە لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی کات دەرناچێت، لەمڕووەوە (د.فادیە مروان) دەڵێت((ڕووداو کۆمەڵێك (واقیعە)ی ڕێکوپێك یان پەرش و بڵاوە لەچوارچێوەی کاتدا)) ( سەعید، 2009: 39).

لەڕۆماندا دوو دەستە کارەکتەر هەن، دەستەیەکیان بکەری ڕووداوەکانن، دەستەکەی دیکە دەکەونە بەر کاریگەری ڕووداوەکان و ئەو کارەکتەرانەی ڕۆڵ دەبینن لەکاتی دروستبوونی کێشەو گیروگرفتەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا دەبنە دوو جۆر: یان یەك دەگرن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە یاخود لە دژی یەکتری دەوەستنەوە لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەدا، ئەمەش لەلایەن (ڕۆلان برنۆف و ڕیاڵ ئوتیلیە) بەم شێوەیە گوزارشتی لێکراوە ((ڕووداو لە ڕۆماندا لێکدانی هێزە دژ یەك و یەك گرتووەکانە لەبەسەرهاتەکاندا کە تیایدا کارەکتەرەکان یان یەکدەگرن یاخود دژبەیەك دەبن)) (مستەفا، 2010: 19)

بەمشێوەیە ڕووداو توخمێکی زیندووەو تەواوی توخمەکانی دیکە بێ گیانن و لەڕێگەی خستنەڕووی ئەوەوە دەکەونە جووڵەوبەمەش پێگەو گرنگیان لەناو دەقدا دەردەکەوێت و زیندوویەتی بە دەقەکە دەبەخشن و دونیایەك دروست دەکەن هاوشێوەی ژیانی واقیعی بێت یان لەواقیعەوە نزیك بێت، بۆ ئەوەی سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت و چێژی پێ ببەخشێ.

## بەشی دووەم
## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### پەیوەندی حزبی و ڕۆمان

پەیوەستبوونی حزب بە ئەدەبەوە لەچوارچێوەی پەیوەندیی سیاسەت و ئەدەبدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕایەڵەکانی نێوان ئەدەب و سیاسەت ئاوێتەن و تێکچرژاون ، لەمبارەیەوە(( ڕەخنەگری ئەمریکایی (جودیس فێتێرلی) زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت کە ئەدەبیات دیاردەیەکی سیاسییە، ئەمە دەربڕینێکە کە ڕەنگە هەموو کەس ڕاستەوخۆ دانی پێدا نەنێت و بەتێڕامانێکی سەرپێی بەرپەچی بداتەوە و هۆکارەکەشی بگەڕێنێتەوە بۆ تێگەیشتنی بنەڕەتی ئێمە لە دوو چەمکی سیاسەت و ئەدەبیات، کە یەکەمیان پێوەندیی نەپساوەی لەگەڵ دەسەڵات هەیە و دووهەمیان ئافراندنێکی جوانیناسانەی لەمەڕ مرۆڤ و ژیان)) (ئەحمەد زادە،2010: 5) ،لەم ململانێیەی نێوان ئەدەب و سیاسەتدا هەمیشە ئەدەب دەیباتەوە، چونکە سیاسەتکار هەر کەدەستی لە دەسەڵات بەربوو، ئیدی ناوی لەناو ناواندا نامێنێت و کاریگەرییەکانی کۆتایی دێت، بەڵام گەلێك جار و بەشێك لە ئەدەبیان هەم ناویان وهەمیش بەرهەمە ئەدەبییەکەیان بەنەمری دەمێننەوەو لەگەڵ خوێنەراندا سەردەمەکان دەبڕن. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای ململانێیەکانی نێوان ئەدەب و سیاسەت، کەچی پەیوەندی و

ئاوێتەبوونی ئەم دوو چەمکەش بەرپرسیارەتییەك لەئەستۆی ڕۆشنبیران و نووسەران دەخات، بەوەی کە دەبێت ئەو شتانە بدرکێنن کە پێویستە و دەبێ ئاشکرا بکرێن.

سەرەڕای ئەمانەش ئەدەب کۆی گشتی پەیوەندییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت و هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییانە لە چوارچێوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا شێواز و رووخساریان دیاری بکات و بەشداری لە پێشکەوتن و گەشەسەندنیان بکات، دیارە پەیوەندی حزبی وەکو پەیوەندییەك لەناو تۆڕی پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە زیاتر پەیوەستە بە لایەنە سیاسییەکەیەوە، چونکە لە ئەنجامی کارکردنی دامەزراوەیەکی ساسییەوە ئەو پەیوەندییە دروست دەبێت، بەڵام کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی دیکەی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و....تاد هەیە، ئەو بوارانەش هەمیشە بەپێی سەردەم و ڕۆژگار لە گۆڕاندایە و ئەو گۆڕانانەش لەناو بواری ئەدەبیاتدا ڕەنگ و ڕووی خۆیان دەبیننەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بوارانە بوونێکی چەسپاویان نییە، بەڵکو هەمیشە لە جووڵەو گۆڕان دان و پەیوەستن بە شێوازی سەردەمەکەی خۆیانەوە، شێوازی ئەو بوارانەش بەتایبەتیش پەیوندیی حزبی وەکو شێوازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرهەمەکانی سەردەمەکەیدا خۆی دەبینێتەوە لەوانەش بەرهەم ئەدەبییەکان، چونکە پەیوەندییەکان فۆرمێکن لەفۆرمەکانی ژیان، هەر سەردەمێکیش سیستەمی ئایدۆلۆژی و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی هەیە، بۆیە گوتنی ئەوەی کە ئەدەب لە کۆمەڵگە و ئایدۆلۆژیاو سیاسەت و کۆمەڵایەتی داببڕێت، گوتنێکی مەنتیقی نییە (فرح ، 2009: 169).

لەم ڕووەوە ڕۆمانووسیش وەکو تاکێکی کۆمەڵگەکەی و لەڕێگەی ئەزموونە ژیاری و مەعریفییەکانەوە هەڵوێستی لەمەڕ ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەردەبڕێت و ڕۆڵێکی ڕووناککەرەو وشیارکردنەوەی لەناو کۆمەڵگە دەبینێت، بۆیە هەر ڕۆمانووسێك خاوەنی دیدو بۆچوون و ئایدۆلۆژییەکە و دەیەوێت لەڕێگەی ئەو پەیامەی کە لەڕێگای بەرهەم ئەدەبییەکانەوە بە دەوربەرەکەی دەگەیەنێت و دەیەوێت خزمەتێك بێشکەش بکات و ئەرکەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکات، کە ئەرکێکی پڕ لە هەستیاری و بەرپرسیارەتییە و هەوڵدەدەن بەهۆی هەڵوێست و ئایدۆلۆژییەکانیانەوە هاوشان لەگەڵ میللەتەکەیاندا بەشدارییەکی کارا بکەن لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەدا.

نووسەرانیش لەڕێگای بەرهەم ئەدەبییەکانیانەوە هاوبەشی ئەو گۆڕانانەی کۆمەڵگە دەکەن، دیارە بەرهەم ئەدەبییەکانیش لەبارەی ماوەیەکی دیاریکراو و لەشوێنێکی دیاریکراوەوە لەدایکبووە و هەڵگری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ڕۆشنبیری سەردەمەکەیەتی، بۆیە نووسەریش لە بەرهەم ئەدەبییەکەیدا گوزارشت لەو بارودۆخە دیاریکراوانەی سەردەمەکەی دەکات، بۆیە بە ئاگاییی بێت، یان نا ئاگا لایەنگری ئایدۆلۆژی سەردەمەکەی دەکات، یاخود لەوانەیە دژایەتی بکات، لێرەشەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی گوزارشت لە چەند پەیوەندییەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەکات، لەوانەیە ئەو پەیوندەییانە لەوشیارییەوە یان ناوشیارییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەڵام لەناو بەرهەمی ئەدەبی بوونی هەیەو ئەو بوونەش ڕەنگە ڕاستەوخۆ ، یاخود شاراوە بێت، بەمشێوەیە ((دەقی ئەدەبی دەبێتە سەکۆی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەقی ئەدەبی واز لەوردەکاری هونەری خۆی بهێنێ و خۆی بکات بە پاشکۆی هیچ ئایدۆلۆژیایەك بە سیاسەتیشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بەرهەمی ئەدەبی لەدنیای سیاسەت دابڕین و نەهێڵین ئەدیب گوزارشت لە هیچ تێڕوانینێکی سیاسی بکات)) (حەمەد، 2015: 25) و لەڕێگای ئەو باسکردنەشەوە سوود لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکان وەربگرێت و لەخزمەت پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی بەکاری بهێنێتەوە، بۆیە نووسەر گەلێکی زۆر هەن کە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت پانتاییەکی فراوانی لە نووسینەکانیاندا داگیرکردووە، بۆ نموونە (مەکسیم گۆرکی) لە ڕۆمانەکانیدا ئایدۆلۆژیا و سیاسەت پێکهاتەی سەرەکین. بۆیە ژانرێکی وەکو ڕۆمان کە پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوەی وردەکاری ئەو پەیوەندییانە لەوانەش پەیوەندیی حزبی و ئامانجە دیاریکراوەکانیان بخاتەڕوو. دیارە پەیوەندیی حزبی دەبێتە ئەو ڕێگایەی کە ڕۆمانووسان بەهۆیەوە دەتوانن ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان ڕوون بکەنەوە، باشترین ڕێگاش ژانری ڕۆمان بەهۆی ئەوەی کە بوارێکی فراوان بۆ خودی ڕۆمانووس دەرخسێنێت گوزارشت لەو هەست و بیروڕایانەی خۆی بکات، چونکە هونەرێکی نزیك لە واقیع و ژیانە و درێژی و تەکنیك و توخم و پێکهاتەکانی ڕێگەخۆشکەرن بۆ لەخۆگرتنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و هەڵسەنگاندن و نرخاندن و ڕەخنەلێگرتنیان. لەمەشدا ڕوانگەی ئایدلۆژیای خودی ڕۆمانووسیش بەدیار دەکەوێت، لەهەمانکاتیشدا وەکو بەشێك لە ڕەوتی ڕووداو ڕۆمانووس سوود لە بوونی پەیوەندیی حزبی وەردەگرێت و تانوپۆی ڕووداوەکانی پێ دادەڕێژێت و هەوڵ دەدات پەیوەندی حزبی وەکو بنچینەو بناغەیەکی ڕووداوی ڕۆمانەکەی یان بەشێك لە دیمەن و وێنەکانی ڕووداوی ڕۆمانەکە بەرجەستە بکات و بەهۆیەشەوە ڕووداوێکی تژی لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی بنیات بنێت. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمانووس لە بنیاتنانی کارەکتەرەکانیشدا سوود لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرانە وەردەگرێت و لە ڕێگای پەیوەندییەکانیانەوە بەتایبەتیش پەیوەندی حزبییەوە هەوڵ دەدات پێگە وشێوازی بیرکردنەوەو بیروڕایەکانیان ڕوون بکاتەوە و بەو هۆیەشەوە بەشێك لە ڕەهەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کارەکتەرەکانیش ڕوون دەکاتەوە، ئەمە جیا لەوەی مێژووی سیاسی و حزبی کۆمەڵگە لەناو ژانرێکی وەکو ڕۆماندا تۆمار دەکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی هەڵدەسەنگێندرێت.

پەیوەست بوونی پەیوەندیی حزبی بە ڕۆمانەوە لە پەیوەندییەکی دوو لایەنیدا خۆی دەبینێتەوە ، لەلایەکەوە ڕۆمانووس لەڕووی تەکینیکەوە وەکو کارەکتەرێکی هەڵسورێنەری ئەو پەیوەندییانە سووردیان لێ وەردەگرێت و بەشێك لە تەکنیك و توخمی ڕۆمانەکەی وەکو مەنەلۆگ و دیالۆگ و وەسف ...تاد بەهۆیانەوە دادەڕێژێت و لەدوو توێی ڕووداوەکاندا بەکاریان دەهێنێت و ئەرکێکیان پێ دەسپرێت. ئەو پەیوەندییە حزبییانەش وەکو پەیوەندیی کۆمەڵگەییەکان کاریگەری گەورە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دروست دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمانووس بەهۆی ئەو پەیوەندییە حزبییانەوە ناسنامەی کارو پیشەی بەشێك لە کارەکتەرەکان دەستنیشان دەکات و ڕەهەندی کەسایەتییەکانیان ڕوون دەکاتەوەو بەهۆیەشەوە خوێنەر ئاشنای کارەکتەرەکان دەکات. بەلایەنی دووەمیشیدا ڕۆمان وەکو پانتاییەکی فراوان توانای وەرگرتن و تۆمارکردنی کاروچالاکییەکانی ئەو پەیوەندییە حزبییانەی هەیە، بەهۆیەشەوە دەتوانرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەهۆی ڕۆمانەوە ئاشنای کارو چالاکییەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییە ببین و ڕادەی خزمەتگوزارییەکانیان دەستنیشان بکەین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی پەیوەندییە حزبییەکانیشەوە ئاشنای هەڵوێست و بیروڕایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆمانووس دەبین و بەهۆی ئەوانیشەوە ڕۆمانووس بەشێك لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە. هەروەها لەڕووی مێژوویشەوە بەهۆی ڕۆمانەوە کاروکردەوەی ئەو پەیوەندییە حزبییانەی ناو کۆمەڵگەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە وئاشنای مێژووی دروستبوونیان دەبین، بۆیە ئەو پەیوەندییە حزبییانە بوونێکی بەرچاویان لەناو ڕۆماندا هەیە و کاریگەری تەواویان لە ڕووی تەکنیك و ناوەرۆکەوە لەسەر فەزای ڕۆمانەکە هەیە.

**ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری :**

1. پەیوەندیی ئەو بەستەرە کارلێکەرەیە کە لەنێوان مرۆڤێك و بەرانبەرەکەی دێتەکایەوە و کاریگەری لەسەر ڕەوت و ژیان و هزر و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو ئایینیان دادەنێت.
2. حزب دەزگایەکی سیاسییە و ڕۆڵ و کارتێکردنی لەسەر ڕایەڵ و لایەنەکانی کۆمەڵگە هەیە. بەم هۆیەشەوە جۆرێك لە کارلێکی مرۆڤایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت و هاندانێك لەنێوان تاکەکاندا دێنێتە کایەوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆیە چەمکی دامەزراوە زۆرێك لە گرووپەکان دەگرێتەوە لەوانەش خێزان و خێڵ و مزگەوت و کڵێسە و و پەرلەمان و حزب و کۆمپانیا و ڕاگەیاندن و قوتابخانەو ....تاد
3. پەیوەندیی حزبی وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی ناو تۆڕی ئەو پەیوەندییانەی کە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن، کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری مرۆڤ دروست دەکات، بەتایبەتیش کە ڕەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤە ڕەنگرێژ دەکەن .
4. کارەکتەر و ڕووداو وەکو دوو توخمی سەرەکی ڕۆمان ڕەهەند و لایەنەکانی ئەو پەیوەندییە حزبییە لەخۆ دەگرن و بەشێك لە ڕێکار و سیماکانی پەیوەندی حزبی لەناو دەقدا لە ئەستۆ دەگرن و بەهۆیەوە ڕۆماننووس سوودیان لێ دەبینێت بۆ کارەکتەر سازی و بنیاتنانی ڕووداوەکانی ناو دەقەکەی .
5. بەهۆی پەیوەندییە حزبییەکانەوە ئاشنای هەڵوێست و بیروڕایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆماننووس دەبین و بەهۆی ئەوانیشەوە ڕۆماننووس بەشێك لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە. هەروەها لەڕووی مێژوویشەوە بەهۆی ڕۆمانەوە کاروکردەوەی ئەو پەیوەندییە حزبییانەی ناو کۆمەڵگەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە وئاشنای مێژووی دروستبوونیان دەبین.

## بەشی سێیەم
## سنووری کاری توێژینەوە :

**کۆمەڵگەی توێژینەوە :** کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە (7) ڕۆمانی کوردی لە ماوەی قۆناغی پێش ڕاپەڕین کە پەیوەندیی حزبیی ڕۆڵی تێیاندا گێڕاوە، ئەوانیش :

1- ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی)
2- ڕۆمانی (ئاشتی کوردستان)ی (محەمەد ساڵح سەعید)
3- ڕۆمانی (ژانی گەل)ی (ئیبراهیم ئەحمەد)
4- ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)
5- کورتە ڕۆمانی (نامەیەکی بەپەلە)ی (کاروان عەبدوڵڵا)
6- ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی (حەمە کەریم عارف)
7- ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی (کاروان عەبدوڵڵا)

**بەشی کارەکی توێژینەوە:**

پەیوەندیی حزبی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەن کەبەهۆی حزب و ئینتیما بۆ حزبەوە دێتەکایەوە و کارەکتەرەکان وەکو ئەندامی حزبی دەبنە هاوڕێ و هاوخەباتی یەکتر و بەمەش جۆرێك لە هاوسوزی و هاوهەستی لەنێوانیاندا دێتەکایەوە. لەڕووی سەرهەڵدانییەوە حزب وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی و ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی هەردووکیان لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو هاوکات هاتوونەتە ناو کۆمەڵگەی کوردییەوە، ئەو ماوەیەش سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بووە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...تاد کە ناوچەکەی گرتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش دووچاری ئەو گۆڕانکارییانە هاتەوە و لەگەڵیدا لەڕووی سیاسییەوە هەوڵدرا کە مافە نەتەوەییەکان بەدەستبهێنرێت لەڕێگای دامەزراندنی حزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسییەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو بارودۆخە پڕ لە گۆڕانکارییەشدا ئەدەبی کوردیش دووچاری نوێبوونەوە هات و ڕۆمان وەکو ژانرێکی نوێ هاتە کایەوە، ئەم هاوکاتی هاتنەکایەوەش وای کرد کە ڕۆماننووسانی کورد بۆ بنیادنانی دەقەکانیان هەر لەسەرەتاوە سوود لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرن و حزب وەکو دامەزراوەیەك لەناو دەقی ڕۆمانەکانیاندا بخەنە بەر شەن و کەوکردن، دیارە بەم هۆیەشەوە هەر لەسەرەتاوە ڕۆمانی کوردی گرینگی بە پەیوەندی حزبی داوە و ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان و جووڵەو هەڵسوکەوتەکانی لە ڕۆنانی ڕووداوەکاندا لە چوارچێوەی پەیوەندی حزبیدا ڕوونکردۆتەوە، کەئەم خستنەڕووەش دوو شێوەی لەخۆ گرتووە :

**أ - پەیوەندیی حزبیی وەکو بنچینەو بناغەی کارەکتەر و ڕووداوەکان:**

مەبەست لەو جۆرە ڕۆمانانەیە کە پەیوەندی حزبی ڕۆڵی سەرەکی لەدارشتنی ڕووداوەکان دەگێڕێت و تەواوی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانیش لەو چوارچێوەیەدا دەبینرێت، بەو واتایەی پەیوەندی حزبی بووەتە هۆکارێکی بنچینەیی و سەرەکی لە دارشتنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و دەرخستنی ڕەهەندەکانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان. کەواتە پەیوەندی حزبی لەم جۆرە ڕۆمانانەدا چەقی دەق پێکدەهێنن، لەوانەش لە ڕۆمانی (**پێشمەرگە**)ی (**ڕەحیمی قازی**)دا پەیوەندیی حزبی بەشێکی زۆری لە پانتایی ڕۆمانەکەدا داگیرکردووەو ڕایەڵ و ڕیشاڵەکانی ڕووداوی لەسەر بنیات نراوە. ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی کۆمەڵە بووە کەوەکو حزبێك بۆ یەکەمجار لە کوردستان دادەمەزرێت و پەڵ وپۆی ڕێکخستنەکانی دەبێتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکی حزبی دروست بکات ((**ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی کۆمەڵە تاقتاق بۆ مەڵبەندەکانی جیاواز جیاوازی کوردستان وەڕێ دەکەوتن کە لکی کۆمەڵە دابمەزرێنن وە پتر خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن**)) ( پێشمەرگە ل102).

سەرەتای ئەو پەیوەندییەش لە ڕۆمانەکەدا لەگەڵ کۆچکردنی هەردوو کارەکتەر (پیرۆت و شێرکۆ) و چوونیان بۆ ماڵی (میرزا قۆیتاس)هوە دەست پێدەکات. هەرچەندە ئەوان پێشتر (میرزا قویتاس)یان ناسیووە، بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پەرەدەسێنێت و دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندیی حزبییەوە. لێرەوە پەیوەندیی حزبی دەخزێتە ناو ڕووداوەکانەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی حزبیدا ڕووبەرێکی فراوانی ڕووداوەکە پێکدەهێنن و بەهۆی ئەوە پەیوەندییە حزبییەوە ڕووداوەکان ڕێچکە دەگرن و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، و هەروەها پەیوەندییە حزبییە لێکەوتەی لەسەر کارەکتەرەکان دادەنێت وبەهۆیەوە جووڵەی کارەکتەرەکان نەخشەدەکێشرێت، بەتایبەتیش کاتێك (پیرۆت و شێرکۆ) بڕیاری سەرهەڵگرتن دەدەن، ئاراستەکەیان نادیارە، بەڵام کاتێك بەهۆی (میرزا قۆیتاس)هوە ڕازی دەبن پەیوەندی بە حزبەوە بکەن و ئیدی ئاراستەی کۆچکردنەکەیان بەرەو شاری مهاباد دەبێت و لەوێ سەرلەبەری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە دروست دەبن، پەیوەندگەلێکی حزبین و بەهۆی ڕێکخستنەکانی حزبەوە ڕایەڵەی ئەو پەیوەندییانە بەیەکتر ئاشنا دەبن.

لەسەرەتاشدا پەیوەندییەکی حزبیی لەنێوان (پیرۆت و شێرکۆ) بەهۆی (میرزا قۆیتاس)هوە دروست دەبێت و بە (کاکەسوار)یان دەناسێنێت ((**برادەر، ئەو دوو جەوانە کە پێکیان ئیسمی شەریفی شێرکۆیە و ئەوی تر ئیسمی موبارەکی پیرۆتە بوونەتە عوزووی کۆمەڵەو دەتوانی بە ئاشکرا سوحبەتیان لەگەڵ بکەی**)) ( پێشمەرگە ل101). هەر بەهۆی (کاکە سوار)هوە پەیوەندییەکی دیکەیان لەگەڵ (کاك بینایی) کە خودی پێشەوا قازی محەمەدی سەرۆکی کۆمەڵەیە بۆ دروست دەبێت و بەیەکتر ئاشنا دەبن و ئیتر لەڕێگای وانەکانی پێشەواوە لە حزب بەرەو پێشەوە دەڕۆن و پێدەگەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەواوی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە شاری مەهاباد هەیە، پەیوەندی حزبین، پێچەوانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گوندەکانی خۆیان کە پەیوەندیی خزمایەتی وهاوڕێیەتی بووە. لەم ڕۆمانەدا گۆڕانکارییەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ پەیوەندی حزبی هەیە، بەشێوەیەك کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی بچووك لە جوگرافیای ڕۆمانە داگیردەکەن، بەڵام پەیوەندیی حزبی دەبێتە بنچینەو بناغەی داڕشتنی دەقەکە و کە بەهۆیەوە جووڵەی کاراکتەر و ڕووداوەکان لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە حزبییە دێتە کایەوە کە کارەکتەرەکان بەوانی دیکە دەبەستنەوە، بەو واتایەی پەیوەندیی حزبیی بووە بە چەقی دەقەکە و تەواوی ڕووداو و کارەکتەرەکان لەدەوری ئەودا کۆبوونەتەوە و چالاکی دەنوێنن. بەهۆی ئەو پەیوەندییە حزبییەشەوە ڕۆماننووس گۆشەنیگای خۆی لەمەڕ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕوونکردۆتەوە کە پاڵپشتی بیروبۆچوونی نەتەوەیی دەکات، شێوازی ئەو پەیوەندییانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری بیرکردنەوە وهەڵسوکەوت و رفتاری کارەکتەرەکان و ڕەوتی ڕووداوەکاندا گێڕاوە و لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بۆیە ئەو پەیوەندییە حزبییە کە لەو ڕۆمانەدا هەیە، پەیوەندییەکی دروست و ئەرێنییە و بەشێوەیەکی ئەرێنی خراوەتەڕوو تا کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات و بیخاتە ناو چوارچێوە نەتەوەییەکەوە کە ڕۆماننووس وەکو گوتارێك ڕۆمانەکەی لەسەر داڕشتووە.

هەر لەم سۆنگەیەوە ئەو پەیوندییە حزبییە لە ڕۆمانی (**سەگوەڕ**)ی (**محەمەد موکری**)دا بە پێی ئەوەی کە ڕۆمانەکە پانتاییەکی فراوانی بۆ حزب و ڕەخنەگرتن لە عەقڵییەتی حزبی کوردیی تەرخانکردووە، لەمەشدا بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکان بەهۆی پەیوەندی حزبییەوە بنیاتنراون و بەشدارن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەهۆیەوە بنیاتی کارەکتەرەکانیش لە جووڵەو هەڵسوکەوتەکانیان لەسەر بنچینەی پەیوەندیی حزبیی بووە. ئەو پەیوەندییە حزبییە چ لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بەشێوەی نهێنی و چ لە ناوچە ئازادکراوەکاندا خراوەتەڕوو و بەشێك لە فەزای دەقی پێکهێناوە، تەنانەت کاتێك کە وەکو پێشمەرگەیەکیش باس لە کارەکتەری سەرەکی کراوە، هەر لە چوارچێوەی پەیوندی حزبیدا بووە، چونکە ئەوە دەزانرێت کە پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتوو نەبووە، بەڵکو هەر حزبێك هێزێکی تایبەتی خۆی بەناوی پێشمەرگەوە هەبووە. کە لەمەشدا بیروڕای حزب و ئەندامبوون لەم حزبە سەنگی مەحەك بووە لە چوونە ناو ڕیزەکانی ئەو هێزەوە. لەدیمەنێکدا ڕۆماننووس ئاماژە بەم جۆرە پەیوەندییە دەدات کاتێك وێنای کردەوەیەکی هێزی پێشمەرگە دەکات کەبەسەرپەرشتی کارەکتەری سەرەکی بووە، ئەوەتا پلان و ئامادەکاری بۆ ئەو کردەوەیە دەکات و داوا لە هاوڕێیەکانی دەکات بەشداری تێدا بکەن (( **ئێمە پێویستیمان بەچەك و نانی ئەوان هەیە! ئەم قسانەم مانای دڕندایەتی و پیاوکوژی نییە... ئێمە لەسەر زەویی باو وباپیرانی خۆماندایین و ئەوان بۆمان دێن... ئێستا دەمەوێ، دە کەسێ خۆی هەڵبژێرێ، تا کاری ئەمشەومان ئەنجام بێنین**)) ( سەگوەڕ ل50)، لێرەدا ڕۆماننووس چالاکییەکی پێشمەرگەی تۆمارکردووە کە تەقاندنەوەی بۆڕییە نەوتییەکانی کەرکوکە، لەم سۆنگەیەشەوە لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە حزبایەتییەوە ئاماژە بە کارەکتەرێك دەکات کە دەیەوێت بەشداری لەو کردەوەیە بکات کە ناوی (دڵشاد)هو بەهۆی تەمەن بچووکییەوە دیارە هێشتا بەشداری پێناکرێت، بەڵام لەم شەوەدا سوور دەبێت لەسەر بەشداری کردن (( **خەریکی باسکردنی (نەخشەکە) بوویت دڵشادت لێ ڕاپەری بەتووڕەییەوە دەنگی بەرزکردە سەرت: ( بۆ من نابەی! تا کەی بەمنداڵم دەزانی؟ ) ( نا... بەمنداڵت نازانم ... ئەم جۆرە کارانە پێوەندییان بەگەورە و بچووکییەوە نییە... پەلە مەکە بۆ کاری قورستر هەڵم بژاردوویت**)) ( سەگوەڕ ل 51)، بەڵام سووربوونی (دڵشاد) وا دەکات کە ڕازی بێت بەشداری لەو شەڕەدا بکات و دوای ئەنجامدانی کردەوەکەش بەسەرکەوتوویی (دڵشاد) شەهید دەبێت. هەروەها لەدیمەنێکی دیکەشدا لەدوای ساڵی (1974)هوە کاتێك دووبارە لەپاش چوار ساڵ لەو ئاشتییەی کە بەهۆی ڕێککەوتنی (11)ی ئاداری (1970)هوە هاتبووە ئارا، دووبارە شەڕ لەنێوان حکومەت و شۆڕش هەڵگیرسایەوە، لێرەشدا ئاماژە بە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی و حزبی کراوە کە لەو کاتەی کارەکتەری سەرەکی دووبارە دەچێتەوە ڕیزەکانی شۆڕش و پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە دەکاتەوە . هەر لەم سۆنگەیەوە ڕۆماننووس ئاماژەی بە پەیوەندیی حزبیی لە ناو ڕێکخستنەکانی شار داوە کە پەیوەندییەکی زۆر نهێنی بووە و هەمیشە لەژێر هەڕەشەی ئاشکرابوون و گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامەکانی لەلایەن دەسەڵاتی ئەمنییەوە بووە، ئەو جۆرە پەیوەندییە حزبییە تا ئەو جێیەی کە ئاشکرا نەبێت، بەڕێوەدەچێت و لە ئەنجام دانیشی ئەندامەکان ڕووبەڕووی گەلێك سەختی و باری ناهەمواری دەروونی و ئاسایش دەبنەوە، بەڵام لەدوای ئاشکرابوونی یان ئەوەتا دەگیرێن و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆری دەروونی و جەستەیی لەسێدارە دەدرێن، یاخود ئەگەر زوو زانرا خانەی ڕێکخستنەکەیان ئاشکرا بووە، ئەندامەکانی خۆیان ڕزگار بکەن و بچنە ناوچە ئازادکراوەکانەوە. لێرەدا کارەکتەری سەرەکی یەکێك بووە لەوانەی لە ڕێکخستنەکانی شار کاریان کردووەو کاتێك هاوڕێیەکانی لەحزب دەستگیرکراون و خانەی ڕێکخستنەکەیان ئاشکرا بووە، ئەو خۆی دەرباز کردووەو چووەتە ناوچە ئازادکراوەکانەوە. (( **لەو ماوەیەدا هەندێ لە هاوڕێیەکانت گیران، یەك دووانیان لەژێر داردا گیانیان دەرنەکرد... جەلیلیش کە بەقسە هیچی نەهێشتبووە، کەسی بەهیچ نەدەزانی و هەمیشە بەگلەیی بوو - تەنیا بە دانپیانان نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ سیخوڕەکان سواری لاندرۆڤەرێ بووبوو، یەکە یەکە ماڵی هاوڕێیەکانتی دەستنیشان دەکرد! ڕێککەوت وابوو (تۆ) بەرنەکەوی**)) (سەگوەڕ ل 71-72). لەم دیمەنەشدا ئاماژە بە چەند هاوڕێیەکی حزبیی خۆی دەکات کە گیراون و یەکێکیان بەنموونە دێنێتەوە کە (جەلیل)ی ناوە هەر زوو دان پیا دەنێت و تەواوی زانیارییەکان ئاشکرا دەکات، لەکاتێکدا پێشتر زۆر خۆی بەنەتەوەیی پیشانداوە، ئەمەش بەشێکە لەو ڕەخنەیەی کە ڕۆماننووس لە شێوازی پەروەردە و بنیادی هزری حزبەکان گرتووەو کە زۆر لاوازە و لەگەڵ یەکەم ڕووبەڕوونەوەدا بەهۆی نەبوونی وشیاری و پەروەردەیەکی گونجاوەوە ورەیان بەرداوەو بوونەتە داردەستی ڕژێم. لەم دەقەدا پەیوەندی حزبی بنچینە و بناغەی دەقەکەی داڕشتووە، چونکە ئەو دەقە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی حزب و لێکەوتەکانییەوە، هەر بۆیە پەیوەندیی حزبیی وەکو پەیوەندییەکی سیاسی ڕۆڵی گەورەی لە بنیاتنانی ڕووداوەکان گێڕاوەو بەشێکی زۆری ڕووداوەکان تانوپۆی ڕووداوەکانیان لەسەر پەیوەندیی حزبیی داڕشتووە. دیارە هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە حزبییانە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بەتایبەتیش کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ڕوونکراوەتەوە و بەشێکی زۆری جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەچوارچێوەی پەیوەندیی حزبیی بنیاتنراوە. ئەو پەیوەندییە حزبییانەی کە تێهەڵکێشی ڕووداوەکان بووەو ڕەهەندی کەسایەتی کارەکتەرەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، پەیوەندی دروست و ئەرێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێك لە دیمەنەکان بۆ یەکەمجار ڕۆماننووس پەیوەندییەکی

نادروست و نەرێنیان بۆ باس دەکات و ئاماژە بە لێکەوتەکانی ئەو پەیوەندییە حزبییە نادورست و نەرێنییە دەکات کاتێك کارەکتەرێکی وەکو (جەلیل) وێنا دەکات و کەدەبێتە داردەستی ڕژێم و تەواوی ئەندامەکانی شانەی حزب لە شار بەگرتن دەدات, ئەمەش هەم ڕەخنەیەکی سیاسییە لە حزب و هەمیش نیشاندانی پەیوەندییەکی حزبیی نادروستە کە بەهۆی شێوەو بنیاتی هزری حزبەکان هاتۆتەکایەوە. دیارە ئەمە یەکەم ڕەخنەیە کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا لە پەیوەندیی حزبیی بەرهەمهاتووی حزبەوە ئاراستەی ئەو حزبانە دەکات و لێکەوتەکانی پیشان دەدات. بەمەش ڕوانگەی ڕۆماننووسیش لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها شێوازی ئەو پەیوەندییە حزبییە دەخاتەڕوو .

لەکورتە ڕۆمانی (**نامەیەکی بەپەلە**)ی (**کاروان عەبدوڵڵا**)دا، پەیوەندیی حزبیی ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوەو بنچینەو بنەڕەتی ڕووداوەکەی پێکهێناوە، بەو واتایەی چەقی ڕووداو کار و چالاکییەکی حزبییە وبریتییە لە گەیاندنی نامەیەکی زۆر بەپەلە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆ ڕێکخستنەکانی شاخ، ئەوەتا لەسەر زمانی کارەکتەری سەرەکی کە (ئازاد)ە ئاماژە بەو ڕووداوە دەکرێت ((**دەبێ ئەو نامە بگەێنمە خاوەنەکەی، هاوڕێیان چەند جار دووپاتیان کردەوە و دەیانگوت (بەبێ وەستان، نابێ دوا بکەویت) منیش، خۆت دەبینی، لەحزەیەکیش ناوەستم، تا نەگەمە جێ ، پشوویەکیش نادەم** )) (هەژان ل27). ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە (ئازاد) یەکێکە لە کادیرانی ئەو حزبەو ئەڵقەی بەیەگەیشتنی ڕێکخستنەکانی شارو شاخ بووە، دیارە ئەمەش لەمنداڵییەوە ئەو کارو چالاکییەکی ئەنجام داوە کاتێك باوکی کە ئەویش کادیری حزب بووەو نامەی پێ سپاردووە بیگەیەنێتە شاخ، ئەمەش لەڕێگای مەنەلۆژی ناوەوەی کارکتەر خۆی بەهۆی تەکنیکی فلاش باکەوە دەگێردرێتەوە ((**ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر، کە چۆن باوکی بۆ یەکەم جار چەند قسەیەکی پێ رادەسپێرێ و دەینێرێتە لای یەکێ لە هاوڕێکانی شاخ، ئەو کات تەمەنی هەر هەشت تۆ ساڵانێك دەبوو**)) ( هەژان ل 24). هەر چەندە ڕۆماننووس بەهیچ شێوەیەك ناوی هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبردووەو و تەنیا لەڕێگەی دەستەواژەکانی هاوڕێیانی شار و هاوڕێیانی شاخ ئاماژە بە بوونی ڕێکخستنێکی سیاسی دەکات و ئەو ڕێکخستنەش لە شاردا قەدەغەکراوەو لە شاخیشدا چەکی هەڵگرتووەو خەبات دەکات و ناوچەی ئازادکراوی لەژێر دەسەڵاتی داهەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس رەخنە ئاراستەی ئەو ڕێکخستنە سیاسییە دەکات بەوەی کە گوێ بەکەس نادەن ، لەدیمەنێکدا (ئازاد) ئەو گلەییە ئاراستەیان دەکات و دەڵێت: (( **دەبوایە زووتر پێم، خەتا لەوان بوو، من پێم گوتن، ئەوان هەر بەقسەی خۆیان لێدەخوڕن! ئاخر دەبوایە گوێ لەمنیش بگرن، منێك نزیکەی دوازدە ساڵ دەبێ، هاتوچۆی ئەم ناوە دەکەم و بست بە بستی شارەزام**)) (هەژان ل 29) ئەمەش وا لە کارەکتەر دەکات هەڵوێست وەربگرێت و جارێکی دیکە بۆ هەر کارێك گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و یەکڕاست بەگوێیان نەکات. ئەم هەڵوێستەش بەشێك لەبەرەوپێشچوونی هزری سیاسی و حزبیی لەلای کادیرەکانی ئەو ڕێکخستنەوە نیشان دەدات. لێرەدا ڕۆماننووس ڕەخنەی لە پەیوەندییە حزبییەکەش گرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو پەیوەندیی حزبییە کە ئەگەر چی لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی دروست و ئەرێنی بووە، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی رەخنەدا پەیوەندییەکە بەشێوەیکی نادروست و نەرێنی دەخرێتەڕوو، بەتایبەتیش ئەو پەیوەندییە حزبییە نادروست و ئەرێنییە لەنێوان کادیرانی حزب و سەرکردایەتییەوە پیشان دراوە، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەو لێکەوتانەی کە لە کورتە ڕۆمانەکەدا باسکراوە. بەشێوەیەکی گشتیش ڕووداوەکانی ئەو کورتە ڕۆمانە لەسەر پەیوەندیی حزبیی دامەزراوەوەو بەهۆی ئەمەشەوە ڕەهەندەکانی کەسایەتی کارەکتەری پێ ڕوونکراوەتەوە و بەهۆیەوە بنچینەی وبناغەی گێڕانەوە پێکهاتووە.

لەڕۆمانی (**کۆچی سوور**)ی (**حەمە کەریم عارف**)دا بەهۆی ئەو ڕەخنەیەی کە ڕۆماننووس لە حزب و شۆڕشی گرتووەو هەروەها خستنەڕووی تاوان و کارەساتەکانی هەڵسوکەوتی بەرپرسە حزبییەکانەوە، وای کردووە حزب ببێتە داردەستێك و تەواوی ئەندامەکانی پەیوەندییەکی نادروستی حزبیی کۆیان بکاتەوە. ئەو پەیوەندییە حزبییە نادورست و نەرێنییە لەناو جەرگەی شۆڕشدا کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕەوشی خەبات و تێکۆشان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکانێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ لە نێو ڕیزەکانی حزبدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە کەسانێکی کاسەلێس و ماستاوچی و هەروەها بودەڵە و نەفامیش لە ڕیزەکانی ئەو حزبانەدا کاریان کردووەو بەهۆیەوە لە بەرپرسەکان و دەسەڵاتی بڕیاردانی حزب نزیکبوونەتەوە و دژی هەر جۆرە ڕەخنە و بیروڕایەکی ئازادیش وەستاونەتەوە. ئەم بارودۆخە وای کردووە پەیوەندی نێوان ئەندام و کادیرانی حزب لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەندییەکی دروست و لەسەر بنەمای کاری هاوبەش و متمانە بوون بەیەکتر دانەمەزرێت، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر ملکەچبوون بۆ حزب و خۆنزیکردنەوە لە بەرپرسانی ئەو حزبەو ئەنجامدانی کارە قێزەونەکانی حزبەوە دروست بێت، بۆیە دەبینین ئەندامانی حزب بەسەریەکەوە سیخوڕییان کردووەو یەکتریان کردۆتە پلیکانەیەك بۆ ئەوەی بەسەر پشتی یەکترەوە بەرەوە سەرەوەی حزب هەڵبکشێن. لەمەشدا ڕاپۆرتنووسین ڕۆڵێکی گرنگی لە بەڕێوەچوونی ئەو پەیوەندییانە گێڕاوەو بەهۆی تۆمەتە بەخشینەوەش کارەساتێکی تەواویان بۆ ئەندامە دڵسۆز و راستگۆیەکان خوڵقاندووە. ڕۆماننووس (سیابەند)ی بە نموونە هێناوەتەوە کە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بەوەفا و ڕاستگۆ بووە وبوێرانە رەخنەی لێگرتووە، ئەمەش بەس بووە بۆ ئەوەی راپۆرتی لەسەر بنووسن و تۆمەتی بخەنە پاڵ. ئەوەتا ڕۆماننووس شێوازێکی ئەو ڕاپۆرتانەی خستۆتە ڕوو کە لەلایەن دوو کادیری حزبەوە (سەلام و ئازاد) بۆ خۆڕەپێشکردن لە (مەحمود) کە بەرپرسی باڵای ئەو حزبە بووە (( **بەڕێز مامۆستا مەحمود**

**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم**

**بۆ ئەوەی نامەکەم هیچ حەقیقەتێکی تێدا پێشێل نەبێ، وا دەقی ڕووبەڕووبوونەوەکەم لەگەڵ ئەو هەتیوەدا ـ سیابەندە ، سیابەندە ! ـ بێکەم و زیاد تۆمار دەکەم و دەینێرمە خزمەت جەنابتان . هیوادارم بە دڵتان بێ...** )) (کۆچی سوور ل 166). ئەو کادیرانەی حزب لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیاندا تەواوی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەگەڵ (سیابەند) تۆمارکراوە دەخەنەڕوو ئەو تۆمەتەش دەستنیشان دەکەن کەبەهۆیەوە داوای سزادانی دەکەن کە جنێوی بە (مەحمود)ی بەرپرسی حزب داوە .بەمشێوەیە راپۆرتنووسین دەبێتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکی ناتەندروست و ناجێگیر لە ناو ئەندامانی حزب دروست ببێت، کەس ڕێز لەوی دیکە نەنێت و هەموویان لە هەلێك بگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان بەرەوپێشەوە ببەن و دڵی بەرپرسەکانیان ڕازی بکەن، ملی یەکدی بشکێنن. لەبەرامبەریشدا بەرپرسەکان هەمیشە وەکو فێڵێك ناڕازی خۆیان خستۆتەڕوو و کادیرانی حزبیان بەشێوەیە ڕیسوا کردووە تا بۆ هەمیشە لەژێر دەسەڵاتیان دابێت، ئەوەتا کاتێك راپۆرتەکە بە (هاوڕێ مەحمود ) دەگەیەنێن، ئەو ڕیسوایان دەکات و جنێوبارانیان دەکات (( **هاوڕێ مەحمود هەڵوەستەیەکی کردو بەتووڕەییەوە: ئەمە چییە نا سەلام! دەیانکەین بە بەردی ئاودەستخانە! هەتیو سەگی کۆڵان دەبن بە پیاو تۆ نابی بە بنیادەم؟! شەکری وا دەخۆی هەر شەکرێکت حەوت عەلبە زەرەرە! بڕۆ دەرەوە خوێری لەگام... ئەو جا ڕووی کردە ئازاد: ئەدی تۆ بۆ وەستاوی دەبڕۆ ملی خۆشت بشکێنە**)) (کۆچی سوور ل173)، لە ئەنجامیشدا (سیابەند) بەدەستی هاوڕێیانی حزبەوە دەکوژرێت. ئەم بارە وای کردبوو کەس متمانەی بە کەس نەمێنێت و پەیوەندی حزبایەتیی لە شێوە گشتییەکەیدا لەسەر بەرژەوەندی و پیلان دانان بەڕێوە بچێت،

تەنیا مەگەر لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا پەیوەندییەکی دروستی حزبایەتی بوونی هەبووبێت، ئەوەتا ڕۆماننووس پەیوەندییەکی دروستی حزبایەتی لەنێوان (سیابەند و هەڵکەوت) دەخاتەڕوو کە گفتوگۆیەکی نێوانیان هەم پەیوەندی دروستی حزبایەتی خۆیان و هەمیش ئەو پەیوەندییە نادروستەی ناو حزبەکەیان دەخەنە ڕوو (( **زۆرم پێوەت ، بەڵام بێ فایدە بوو، کوڕە سیابەند ئاگات لەخۆ بێ داویان بۆ ناویتەوە.. سرپۆت دەکەن لەنێوت دەبەن، ڕەشکوژت دەکەن! بە پێکەنینەوە دەیگوت: ئەو پەڕەکەی دەمکوژن ، دەزانی کاکە هەڵکەوت ئینسان هەقیقەتێکی پیرۆز و ئاڵۆزە.. کردار لە مەحەکی دەدات و مەرگ دوا بڕیاری لەسەر دەدات.**

**ـ کوڕە سیابەند پیاوی چابە، تۆ هێشتا نایان ناسیت.. هەرزانی و گرانی بەدەستی خۆیانە.**

**ـ گوێ مەدەرێ هەڵکەوت گیان، کاك مەحمود دۆستی کۆنە ، تۆ بڵێی ئەوەندە بێ وەفا بێ!**

**ـ کوڕە سیابەند، مەحمود بابایەکی سیاسەت چییە، سیاسەت چی نابێ بەدۆستی کەس! مەسڵەحەت، تەنیا دۆستی مەسڵەحەتی خۆیەتی!**

**ـ ئاخر گەلێ سڕی لەژێر دەستمدایە، هێشتا کارەکانی تەواو نەبوون..**

**ـ سیابەند بۆ خوا پێت دەڵێم، هەر ئەمە دەبێ بە باعیسی مەرگت..**)) (کۆچی سوور ل147). ئەو گفتوگۆیە ئەوە دەسەلمێنێت کە لەناو ئەو حزبەی کە ڕۆمانوس ناوەکەی نەهێناوە و خەریکی شۆڕش و خەباتکردنە، کەچی ئەندامەکانی هەموویان سیخۆرن بەسەریەکەوە و بەتۆمەتی ناڕەواش کەسانی دڵسۆزی حزب لەناو دەبرێن، ئەوەتا کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەش کە (مستۆ) بەهۆیەوە ئەو پەیوندییە حزبییەوە کۆتایی بەژیانی دەهێنرێت و لە شەڕێکدا هەڵ دەقۆزرێتەوە لەلایەن (دلێر) کە دەست و پێوەندێکی (مەحمود) دەکوژرێت، لەراستیشدا (مستۆ) خۆشی هەستی بەم پیلان کردووە ئەم جۆرە لە پەیوەندییە نادروستەی حزب بێگومان کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ڕەوشی خەبات و تێکۆشانی گەل دەکات و نەوەیەکی ملکەچ و سەرشۆڕی لێدەکەوێتەوە.لەم دەقەشەدا پەیوەندیی حزبیی بنچینەو بناغەی دەقەکەی دامەزراندووەو تەواوی ڕووداوەکە و جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندیی حزبیی داڕێژراوە و بنیاتنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەقە یەکێکە لەو دەقانەی کە تەواوی پەیوەندییە حزبییەکان ڕاستەوخۆ خراونەتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا تەواوی پەیوەندییە حزبییەکان نادروست و نەرێنین ، نەرێنییەکە بەشێوەیەك خراوەتەڕوو کە دەگاتە ڕادەی تراژیاند و کوشتنی لێدەکەوێتەوە. ڕۆمانووس لەم دەقەیدا بەتەواوەتی حزب و پەیوەندیی حزبیی خستۆتە بەر ڕەخنە و بۆ یەکەمجار ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی جۆری ئەو پەیوەندییە حزبییانە دەکات کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە. لەم دەقەدا ئیدی پەیوەندیی حزبیی ئەو شکۆو پیرۆزییەی کە هەیەتی لەدەست دەدات و خوێنەر ڕووبەڕووی واقیعێکی تاڵ دەکرێتەوە کە ئەو جۆرە پەیوەندیی حزبییەی کە هەیە جگە لە کارەسات و ماڵوێرانی هیچی دیکەی لێ شین نابێت. ڕۆمانووس لەم دەقەدا زۆر بەراشکاوانە ڕوانگە و بیروبۆچوونەکانی لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خستۆتەڕوو و لەمبارەیەوە پەیام و گوتارێکی جیاواز ئاراستەی خوێنەر دەکات.

### ب ـ پەیوەندیی حزبیی وەکو تەکنیکێکی بەشدار لە بنیاتنانی ڕووداو و کارەکتەردا:

مەبەست لەم جۆرەشیان ئەوەیە کە پەیوەندیی حزبیی لەچەند دیمەنێکی ناو ڕۆمانەکەدا ڕۆمانووس وەکو تەکنیکێك سوودی لێ بینیووە بۆ گواستنەوەی بەشێك لە زانیارییەکان بۆ خوێنەران. بەو واتایەی کە پەیوەندیی حزبیی وەکو بەشدارێك لەناو ڕووداوەکان و بەشێك لەدەرخستنی ڕەهەندی کەسایەتی کارەکتەرەکان دەردەکەوێت. لەوانەش لە ڕۆمانی (**ئاشتی کوردستان**)ی (**محەمە سالح سەعید**)دا، پەیوەندیی حزبایەتی بەشێوەیەکی زەق ئاماژەی بۆ نەکراوەو زۆر بەکورتی و لەڕێگای چەند نیشانەیەك ئاماژە بەو پەیوەندییە لەنێوان کارەکتەرەکان دراوە. ئەم ئاماژەدانە لەسەرتاپای دەقەکەدا لەو دیمەندا هەستی پێدەکرێت، کە جیا لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان (ڕزگار)ی مامۆستای گوندەکە و هەر یەك لە (هێمن و مەریوان)دا هەیە، کە زیاتر پەیوەندییەکی هاوڕێیەتییە، لەهەمانکاتیشدا پەیوەندییەکی حزبیشە ((**ـ مامۆستا، ئەمجارە دەبێت لە دەنگی جووتیاراندا ئەم گۆڕینە و هۆکانی بنووسرێت... ئەمە کەم نییە ڕادەی تێگەیشتنی کەسێکی دواکەوتووی وەکو شەفە ئاوەها خەڵق ببێت و ئاوەها لەشت تێبگات.**

**ـ بەڵێ کاك هێمن، دەبێت لە ناوچەدا، هەرچی لەم بارەیەوە ڕوویدا بێت هەمووی بنووسرێت، بەڵام دوای ئەوەی دەچێتە بنجوبناوانی کارەوە. هەوڵی فراوانبوونی ڕێکخستنەکانیش بدرێتەوە**)) (ئاشتی کوردستان ل30).لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە (هێمن) لەتەك (مامۆستا ڕزگار)دا لە ڕێکخستنێکی حزبیدان و بڵاوکراوەی ئەو حزبەشیان بەدەست دەگات و دەیخوێننەوە، بەبەڵگەی ئەوەش کە دواتر هەر لەسەر بوونی ئەو بڵاوکراوەیە زیندانی دەکرێن(( **هێمن و مەریوان کە ماوەیەك بوو لەسەر بڵاوکراوەی دەنگی جووتیاران کرابوونە ژوورەوە و بەندکرابوون، بەسەربەرزیی گەڕانەوە ناو خێزانەکانیان. دوای ئەوەی لە کەرکوك شەش مانگیان بەندیی تەواو کرد، کە چووبوونە شار نیشانەکرابوون، گوایە بابۆڵە کاغەزیان پێ گیرا بوو، ڕەوانەی مەرکەزیی کرابوون، لە ناحیەوە هاتبوونە سەر ماڵەوەشیان، بەگیرانەکەی خۆیان قایل نەبووبوون، بەڵێ بەهۆی ئەو پەڕاوەی کە گوایە دەنگی جووتیارانە و لەماڵی ئەواندا، لەکاتی پشکنینی لەپڕدا دۆزراوەتەوە، ئاوایان بەسەر هێنابوون**)) (ئاشتی کوردستان ل73). لەم چەند دیمەنەدا بترازێت بەهیچ شێوەیەك باس لە پەیوەندی حزبی نەکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پانتایی ڕۆمانەکە بۆ ئەو ململانێیە چینایەتی و نەتەوەییە تەرخانکراوەو زۆر کەم ئاماژە بە حزب و پەیوەندی حزبی کراوە. بۆیە پەیوەندیی حزبیی لەم ڕۆمانەدا لەو دیمەنەدا هەستی پێ دەکرێت کە زیاتر لایەنی سیاسی کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو، ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییەکی دروستە و بەشێوازێکی ئەرێنی خراوەتەڕوو، بەو واتایەی کە لە پەیوەندییە حزبییەکەدا دڵسۆزی و وەفاداری لەلایەن کارەکتەرەکانەوە بۆ بیروبۆچوونەکانیان دیارە و لە دواجاریشیدا بەسەربەرزی دەگەڕێنەوە لە زیندان، ئەمەش دەرخەری ئەو توندوتۆڵییە کە پەیوەندییە حزبییەکە بنیاتی ناوە.

لەرۆمانی (**ژانی گەل**)ی(**ئیبراهیم ئەحمەد**)دا پەیوەندیی حزبیی لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە خراوەتەڕوو، بەتایبەتیش کە پانتایی دەق زیاتر بۆ کارەکتەری سەرەکی (جوامێر) و زیندانەکەی تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانووس لە هەندێك دیمەن و وێستگەی ڕووداوەکاندا سوودی لە پەیوەندییە حزبییەکانی وەرگرتووە، ئەوەتا کاتێك (جوامێر) لەگەڵ (ئاسۆ)دا یەکتر دەبینن و لە ڕێگادا (ئاسۆ) بەرەوە ئەو گازینۆیەی دەبات کە (نەریمان)ی لێیە، لە بەیەك ناساندنیشیاندا ئاماژە بەوە دەکات کە سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبە و ئەرکەکەشی دیاری دەکات ((**نەریمان برای حەمە چاوشینی خوا لێخۆشبووە کە لە خۆپیشاندانەکەی لەمەڕ تۆدا شەهید کرا، کوڕێکی ژیر و بەجەرگە لەنێوان (ل.ا.ن) و ڕێکخراوی شارا پۆستە ئەهێنێت و ئەبا**)) (ژانی گەل ل78)، دواتریش ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتیی و حزبییە، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئازادبوونی (جوامێر) لە زیندانی شۆڕشدا (( **نەهاتووم شایەتیی باشت بۆ بدەم. من بۆ ئەوە هاتووم کە بەناوی لێژنەی سەرکردایەتی شۆڕشەوە داوای لێبوردنیت لێ بکەم! هەموو زۆریان پێ گران و گەلێ لایان ناخۆش بوو کە بیستیان ڕۆڵەیەکی وەکو تۆ، لەباتی ڕێزگرتن لەلایەن لەشکرەوە**

، **تۆووشی ئازارکراوە!**)) (ژانی گەل ل158). هەروەها لە دیمەنێکی دیکەدا (ئاسۆ)ی هاورێی (جوامێر) وەکو ڕێکخستنێکی ناو حزب دەردەکەوێت و نامەی (جوامێر)ی بە (لاوە)ی ئامۆزای دەگەیەنێت ((**لەسووچی کۆڵانەکەیا پێچی کردەوە ئاسۆ مەمەند بەرەنگاری بوو، زەرفێکی دایە دەستی و بە ئەسپایی وتی:ـ ئەمە هی جوامێرە!**)) (ژانی گەل ل176). لەم دیمەنانەدا ڕووداو لەسەر بنچینەی پەیوەندیی حزبی بنیاتنراوە، ئەو پەیوەندییە حزبیانە بەشێوەیەکی ئەرێنی خراوەتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا پەیوەندییەکی حزبی دروست پیشان دەدات، هەر چەندە ئەم پەیوەندییە حزبییانە ئاوێزان بووە لەگەڵ پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە و وەکو تەواوکەری یەکترین وان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بەهۆی ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە ڕێگای ئەو پەیوەندییە حزبییانە خستۆتەڕوو، لەهەمانکاتیشدا ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرە لاوەکییەکانی دیکەی بەهۆی پەیوەندیی حزبییەوە ڕوون کردۆتەوەو خوێنەر لەبەردەم ئەم دیمەنانەدا هەڵوێستی کارەکتەرەکان لەمەڕ ڕووداوەکانی بۆ دەردەکەوێت.

لەڕۆمانی (**کێوی مەزن**)ی (**کاروان عەبدوڵڵا**)دا پەیوەندیی حزبی لە ڕووبەرێکی بەرتەسك باسی لێوە کراوە و زیاتر لە چوارچێوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانی وەکو پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە ئاماژە بە پەیوەندییە حزبییەکان دراوە، هەر چەندە ڕووداوی سەرەکی بریتییە لە گەشتکردنی کۆمەڵە کارەکتەرێك کە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە کار دەکەن و بەهۆی ئاشکرابوونیانەوە دەچنە ناو شاخ و بەکێوێکی مەزن هەڵدەشاخن بۆ ئەوەی دەربازی ناوچە ئازادکراوەکان بن. ئەمەش لەسەر زاری (کارزان)هوە دەخرێتەڕوو کاتێك ئاماژە بە ڕۆڵی خراپی (ڕێبوار) دەکرێت و بەوە تۆمەتباری دەکات کە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاری ئاشکرا کردووە (( **تفەوو لەوەی هاوڕێیەتیشی دەکا. گوێشی بۆ ڕادەگرێ. ئەو لەعنەتییە، دەبوایە ئەوێ جارێ بکوژرێ کە لەنێو شاردا ئێمەی ئاشکرا کرد و بوو بەهۆی تێکدانی هەموو نەخشەو پیلانەکانمان. چ کارێکی نامەردانەی کرد! هەر بۆ ئەوەی لەنێو لیفی گەرمدا بخەوێ، خۆی لە ئێمە دزییەوە و چووە ماڵێکی دۆستی. هەنجەتەکەشی ئەوە بوو گوایە کە لە ئێمە دابڕاوە، ئیدی بزر بووە و بەناچاری خۆی گەیاندۆتە ئەو ماڵە** )) (هەژان ل 142). لێرەدا ئەو پەیوەندییە نادروستەی هاوڕێیەتی کاریگەریی و کارتێکردنی لەسەر پەیوەندییە حزبییەکە کردووەو بەهەمان شێوە ئەو پەیوەندییە حزبییەش نادروستە و شێوەی سەقامگیربوونی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە تێکهەڵکێشی ڕق و کینەو کێبڕکێیەکانی نێوانیان کراوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە حزبەکانیشان کە هەرچەندە ناوی نەهێنراوە، جیاوازن. واتە لەڕووی ئایدلۆژیاوەش جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و ململانێیەکی حزبی توند نێوانیانی ڕەنگڕێژ کردووە،

ئەم پەیوەندییە حزبییە لەژێر کاریگەریی خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکو پەیوەندیی خۆشەویستی و پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە دەبێت و لەڕوانگەی ئەوانیشەوە ململانێیە حزبییەکان بەڕێوە دەچێت. بۆیە پەیوەندییەکی ناجێگیر و ناسەقامگیری حزبی لە ناو دەقەکەدا هەست پێ دەکرێت کە ئەویش بەڕۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و چارەنووسی کارەکتەرەکان داناوە و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی خراپتری گواستۆتەوە.

## ئەنجام

1. پەیوەندیی حزبی یەکێك بووە لەو جۆری پەیوەندییانەی کە لەلایەن ڕۆماننوسانی کوردەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و ڕۆماننووسان بەهۆیەوە ڕوانگەو گۆشەنیگای خۆیان گوزارشت لێ کردۆتەوە و پەیام و مەبەستەکانی خۆیان بە خوێنەران گەیاندووە.
2. پەیوەندیی حزبی بەشدارییەکی کارای لە بنیادنانی کارەکتەری کردووەو بەهۆی ئەو جۆرە پەیوەندییەوە بەشێك لەڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەر پیشان دراوە، بەتایبەتیش کاتێك کە کارەکتەرە سەرەکییەکان لەڕێگای ئەو جۆرە پەیوەندییەوە، تەواوی پەیوەندییەکانی خۆیان داڕشتووە و جووڵەو هەڵسوکەوتەکانی خۆیان لەسەری بیناکردووە.
3. پەیوەندیی حزبی بەدوو شێواز ڕووداوی ڕۆمان بنیات دەنێت، یان دەبێتە بنچینەو بناغەی ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکەو تەواوی ڕووداوەکە لەسەر ڕێڕەوی پەیوەندیی حزبی دروست دەبێت، یانیش لە دیمەنێك لە دیمەنەکانی ناو ڕۆمانەکە لەدروستکردنی ڕووداوەکە بەشدار دەبێت ، بەو واتایەی لە ڕووداوی لاوەکی ناو ڕۆمانەکە بەشداری دەکات و نابێتە بنچینەو بناغەی ڕووداوی سەرەکی و تەواوی ڕۆمانەکە.
4. ڕۆماننووسان لەسەرەتای مێژووی ڕۆمانی کوردییەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی و دروست پەیوەندییە حزبییەکانیان بەکارهێناوە و لەچوارچێوەی بەرگریکردن و بیروڕای نەتەوەییە بە پیرۆز لەقەڵەمیان داوەو خوێنەرانیان هانداوە کە بەشداری ئەو حزب و پەیوەندییەکانیان بکەن. وەکو لەڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی) بەرچاو دەکەوێت.
5. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و و هونەری ڕۆماننووسیندا، ڕۆماننووسان وردە وردە بوێری ئەوەشیان پەیداکردووەو کە لایەنە نەرێنی و نادروستەکانی پەیوەندی حزبی باس بکەن و ڕەخنەی ئاراستە بکەن ، ئەمەش بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە و خستنەڕووی ڕاستییەکان، ئەمە بارە لە ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی (حەمە کەریم عارف) دەگاتە لووتکە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی:

#### أ : کتێب:

ئەلحەسەن، د. ئیحسان محەمەد ،(2012) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

ئەحمەد، ئیبراهیم ،(2010) ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر .

بەرزنجی، یاسین قادر ، (2009)هونەری دراما، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق.

حەسەن، یاسین ڕەشید ، (2004)ناوەڕۆك وتەکنیکی درامای کوردی (1991-2002)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد ،(2007) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار علی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

سەعید، جەلال ئەنوەر، (2009)تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار علی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، بەڕێوەبەریەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

سابیر ، پەریز ،(2001)، بنیاتی هونەری چیرۆکی کوردی ـ لەسەرتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

عارف، حسین ، (2011)شار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

عارف، حەمە کەریم ، (2012)کۆچی سوور، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ژمارە ـ 45 ـ، چای چوارەم.
کۆهین، بروس ، (2010)سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
مستەفا، ڕێزان عوسمان ،(2010) بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، ساڵی (1985-1990)، ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
موکری، سەگوەر، (2008)دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی شەشەم، هەولێر.
وسووقی، مەنسوور ـ عەلی ئەکبەر نیك خولق، (2013)بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: سیروان محەمەد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

## ب: نامەی ئەکادیمی :

حەمەد، کانیاو رحمان ،(2015) ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی ((کەریم کاکە))دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەدین.

## ج: ڕۆژنامە وگۆڤار :

ئەحمەد زادە، د.هاشم ،(2010) ئەدەب و سیاسەت، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژ(41) تشرینی یەکەمی.

## دووەم: بەزمانی عەرەبی:

الاسماعيل، د. محمود حسن ، التنشئه السياسيه، دراسه فى دور أخبار والتلفزيون، دار النشر للجامعات، مصر ، 1997.
بدوي، احمد زكى، (1982) معجم المصطلحات العلوم الآجتماعية، مكتبة لبنان.
بوريكو، ر.بورون و ف،(1986) المعجم النقدي لعلم الأجتماع، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الجزائر.
حسن، أ.د.سمير ابراهيم ،( 2012) تمهيد في علم الأجتماع، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة .
طة، محمد(د)، (2017) علاقات خطرة، الطبعة الثانية، دار تويا للنشر و التوزيع، القاهرة ـ مصر.
م. فورستر، اركان الرواية (1985) ترجمة :موسى العاصي، دار جروس برس، الطبعة الأولى، طرابلس ـ لبنان.
فرح، ا.د. محمد سعيد ،ا.د.مصطفى خلف عبدالجواد، (2009)علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر و والتوزيع و الطباعة، عمان.
ماكسويل، جون سي، (2009)، اساسيات العلاقات، المكتبة الجرير، الطبعة الاولي، الرياض ـ السعودية.